# قژت بۆنی خۆری لێدێ

سەردار عەزیز

ووتم خۆت رووتکەرەوە و وەرە لە تەنیشتمەوە راکشێ با ئاوێزانت بم. پێی ووتم چاوت بنوقێنە شەرم ئەکەم. وەک یاری چاوشارکێی سەردەمی منالّی، هەردوو دەستم خستە سەرچاوم. کە هاتە تەنیشتمەوە سەری خستە سەربالّم، خۆی پێوە نوساندم، بە چرپەوە پێم ووت، قژت بۆنی خۆری لێدێ.

ئەم بەیانیە یەک شەمەیە. هەرچەندە نەدەبوو وابێت، بەلاّم زوو بە ئاگاهاتم. کە سەرم لەژێر نوێنەکەم دەرهێنا، حەپەسام، ژنێ ئەسمەری بچکۆلە لە سەر تاقە کورسیەکەی ژوری نوستنەکەم دانیشتبوو. من نیمچەرووت بووم، سەر سنگە پر لە توکەکەم دەرکەوتبوو. ساتێ رامام، کە بۆم دەرکەوتو دلّنیابووم ئەوەی ئەیبینم راستیە، خێرا بالیفەکەم تالای ملم هێنا. ژنەکە بێدەنگ و بێباک بوو. لە سەرەتاوە بۆ ساتێ تێیروانیم و پاشان رووی وەرگێرا بۆ کۆمەلّە وێنەکانی قەد دیوارەکە.

دونیا تەواو روناک بوو. شەوێ، پێش ئەوەی بچمە جێگا، هەموو دەرگاکانم قوفلّدا. ماندووبووم ویستم زوو بنووم. پێش ئەوەی بنووم چەند دێرێکم لە چیرۆکێکی بۆرخس خوێندەوە. چیرۆکەکە ناوی (بورخس و من) بوو. ئێستاش لە یادمە ئاوا دەستی پێکرد؛ ئەوەکەی تر، ئەوەی پێی دەلّێن بورخس، ئەویش شتی بەسەردێت. بەشەقامەکانی بونیس ئاریس دا ئەرۆم و لەپڕ بۆ ساتێ ئەوەستم، رەنگە هەر میکانیکیانە، بۆ ئەوەی تەماشای کەوانەی دەروازەیەک بکەم، نەخشی سەردیوارەکان. هێشتا کتێبەکە بە تەنیشت سەرینەکەمەوەیە. کتێبەکە ناوی لابرینث-ە.

ژنەکە دەستی بۆ کتێبەکە درێژکرد. منیش دامە دەستی. خورخ لویس بورخس، ناونیشانەکەی خوێندەوە. تەماشای بەرگی کتێبەکەی کرد، بەرگێکی جوانە، ژنێ بە تەنیا، لە تەنیشت پەیژەیەکەوە بەرەو ئاسمان، پالّکەوتوە. ئەو ژنە بەتەنیا چیەئەکا لەوێدا، لێی پرسیم. نازانم، لە وەلاّما ووتم، لە تابلۆکانی دالی ئەچێ. بەلاّم تۆ چی ئەکەی لێرە. چۆن هاتیتە ژورەوە، تۆ کێیت، چیت دەوێ، بۆچی ئەوەندەی بێباکی، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت.

"لە کونی کلیلی دەرگاکەوە هاتمە ژورەوە"! ووتی "تۆ ئەزانی من کێم، باش باشێ ئەمناسی. رۆژانێکی زۆرە بیرم لێئەکەیتەوە، بەلاّم ئەمە یەکەم جارە یەکتری ببینین". زۆر بە دلّنیاییەوە ئەمە یەکەم جارە، چەند یەکەم جارێکی سەیرە. چاوی بریە چاوم ووتی "بەلامەوە سەیرە ئاوا حەپەساوی. جارێکیان لە نامەیەکا بۆت نووسیم؛ رۆژو شەو دایم لەبەر دیدەی خەیالّم حازری/ جا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئیتر ئێرە و ئەوێ".

دەستم لەلاشەی خۆم ئەدا. لە هیچ شتێ دلّنیا نەبووم. لە خۆمم ئەپرسی؛ بشێ وەکو ئادەم شەوێ ژنێ لە پەراسومەوە دەرنەچووبێت. ژنێ لە خۆم فرەزانتر. بەلاّم هەموو شتێک ئاسایی بوو. تەنها گۆران روویدابوو ئەوەبوو ژنێک لە ژورەکەمدابوو. وام هەست ئەکرد ئەکتەرێکم لە فلیمێکی ترسناکا، سیناریۆکەی ئادگار ئالان پۆ نوسیویەتی.

رووی دەمم کردە ژنەکەو ووتم؛ بەلاّم ئەو کەسەی من ئەو نامانەم بۆ نوسی، لە وولاّتێکە دوور، لە پشت دەریاو کیشوەرەکانەوەیە. لە وەلاّما ووتی، ئەزانم، باش ئەزانم، لە شارێک، لە دامێنی شاخێکا پێی ئەلّێن گویژە. من ئەو ژنەم کە تۆ هەموو رۆژێ لە ژێرخانی کتێبخانەکەی زانکۆ یان لە قاوەخانەکانی شارا، لە رێی ئینتەرنێتەوە چاتم لەگەلاّ ئەکەی. بە تەلەفون قسەم لەگەلاّ ئەکەی، لە رێی مۆبایلەوە مەسجم بۆ ئەنێریت. پێش هەموو شتێ حەزئەکەم ئەوەت پێ بلّێم؛ ئەو ناوەی کە پێم ووتی ناوی خۆم نەبوو، بۆیە داوات لێئەکەم لە بیریکەیت. ناوێکی نوێم بۆ دانێ، ناوێ تۆ پێتخۆش بێت. بەلاّم با ناوێکی جوان بێت.

بۆ ساتێ بیرمکردەوە، ئینجا ووتم بیرت دێ جارێکیان مەسجێکم بۆ ناردی، پێم ووتی ناوت ئەنێم باران. لە بیرمە یەک بەیەک ووشەکانیم لە بیرە، نوسیتبوو: چونکە هەرگیز لەم دورگەیە باران خۆش ناکات، حەزئەکەم ناوت بگۆرم بۆ باران. هەتا هەموو رۆژێ تەرمکەیت، هەموو بەیانیانێ بە ئاگام بێنی، لە نزیکەوە هەستت پێبکەم، کە شەوان لە نوێنەکەمدام گوێت لێبگرم.

ماندوو دیاربوو، بۆیە هەر پاش ساتێ نوست. کە ئەو نوست من بەئاگاهاتم. قژێکی رەش بەسەر روومەتێکی ووردیلەدا بڵاوبوبوەوە. ژوورەکە تۆزێ گەرم بوو، بالیفەکە تا ناو قەدی داخزابوو. هەردوو مەمکۆڵەی بەدەرەوەبوون هەرچەندە تۆزێ گەورەبوون بەڵام خەمبار دیاربوون، حەزم ئەکرد دەستیان لێدەم بەڵام ئەترسام لەوەی بەئاگابێت. تا زیاتر ئەمروانی زیاتر رەنگە قاوەییەکەی پێستی تۆختر ئەبوو، خەمبارتر ئەبوو. سبەینێ ئەم ژنە ئەبێ بە سی ساڵ.

دوو ساڵ لەمەوپێش، من ئەمم لەرێی کچێکی ترەوە ناسی. ئەویتر باڵا بەرزێکی پڕ لە مەکربوو. هەرزوو پاش چەند ئیمێڵێ زانیم سەر بە دونیای من نیە. بەلای ئەوەوە منیش وەهابووم. بۆئەوەی ژیان بگوزەرێ پێویستە لە دیدێکەوە سەرچاوە بگرێ. دیدێک کە یارمەتیت بدات مانایەک بۆ رووداوەکان و دیاریدەکان بدۆزێتەوە. مانا وەک ئاوڵە وایە هەرکە پێتەوە نووسا ئیتر تا مەرگ لێت نابێتەوە.

هەرزوو کچەکەی تر کە ئێستا ناویم لەیاد نەماوە، پێی ووتم، هاورێیەکی بچکۆلەی بێدەنگی گۆشەگیرم هەیە، خوێندکاری کۆلێژی کارگێریە لە زانکۆ، لەوە ئەچێ ئێوە بۆ هاورێتی یەکتر باشبن. ئیتر یەکترماننناسی. لە سەرەتاوە پەیوەندیەکانی روکەشبوون. بێئەوی لێم بشارێتەوە هەموو جارێ پێی ئەووتم، من ناتوانم، بروابە هیچ کەسێ بکەم، تا ئێستا لە تەمەنما ئەوەندە بروام بەکەسێ نەکردوە تا لە جارێ لەگەڵیا برۆم بۆ قاوە خواردنەوەیەک. هەروەها ئەشی ووت نازانێ چۆن بروابکات. ئەمانە بەلای منەوە سەیربوون. چونکە قسەکان نوسراوبوون و لە کاتی ووتنیانا روومەتی کەسەکەت نە ئەبینی، گرانبوو بزانی مەبەستی راستەقینە لە ووتنیان چیە. ووشە وەک خۆی مانایەکی گشتی هەیە، کە زیاتر لە بێماناییەوە نزیکە. بۆیە لە میانەی بەکارهێنانیا ئێمە خۆمان مانای تاکە کەسی تایبەتی پێئەبەخشین.

پاش دەساڵ ئەمە بۆ یەکەمجاربوو لە تەنیشت کچەکوردێکەوە راکشێم. لە گەڵ جەستە سپییە بەفریەکانی ئەوروپاییەکاندا بۆم بەراورد نە ئەکرا. ئەوروپاییەکان تەنها لە رێگای جەستەیانەوە پەیوەست ئەبن پێمەوە. دەست بە لەشە پڕ لە ماسولکەو توکنەکەما ئەهێنن و ئەڵێن، لە جەستەی ئاژەڵی کێوی ئەچێ. حەزیان لە رەنگی پێستمە. ئەوە هەموو شتێکە لە مندا کە حەزیان لێیەتی. جارێکیان لە شاری هامبۆرگ هاورێیەکم بەسەرهاتێکی خۆی بۆ گێرامەوە، پێی ووتم، لەم شوقەیەی کە لێی دەژیم، کچێ هەیە، فێربووە زوو زوو شەوان لە دەرگاکەم ئەدات. دێت بێئەوەی هیچ بڵێت دەیەوێ سێکس بکەین. من لە سەرەتاوە ساویلکەبووم وەهام ئەزانی حەزم لێئەکات. بەڵام هەرزوو پیی ووتم، ئەمە هەموو شتیکە لە نێوان من و تۆدا. پێم خۆش نیە بە رۆژ ئەگەر لە شوێنێک بمبینی وا هەڵسوکەوتم لەگەڵا بکەیت کە ئەتناسم. ئای ناسین، چەند ووتنی ئاسانە. بەڵام مەحاڵە. مەحاڵە بتوانی یەکێکی تر بناسی. کە من ئەمەوێ ئەو بناسم، لە سەرەتادا هەوڵئەدەم لە ئەو تێبگەم. بەڵام تێگەیشتنەکانم تێگەیشتنی منن بۆ ئەو. رەنگە ئەو، نەک هەر رەنگە بەڵکو زۆر بەدڵنیاییەوە، خەڵکی تر تێگەیشتنی تریان هەیە بۆ ئەو. من کاتێ ئەتوانم بڵێم ئەو کێیە، وەک خۆی، کاتێک کە توانیبێتم هیچ نەبێ بۆ ساتێ ببێتمە ئەو. بەڵام ئەمە مەحاڵە. بەڵام ئەگەر بشتوانین بەو شێوەیە یەکتر بناسین، رەنگە کارێکی باش نەبێ. ئەو ساتە ئیتر نهێنی نامێنێ. نەمانی نهێنی مەرگە. ئەو ساتەوەختەیە کە چیتر ناتوانین تیایا درێژە بە هیچ شتێ بدەین. هەبوونی ئەو نهێنیەیە کە ساتەوەختەکان ئەکاتە ساتەوەختێ جودا. داهاتوو ئەکاتە زەمانێ چاوەروانکراو. هەموو رۆژێ ئەکاتە رۆژێ نوێ. هەر ئەم

توانای نەناسینەیە عیشقی کردوەتە ئەو گرەی کە هەموو کەس حەزئەکات پێی بسوتێ. عیشق کەسەکان لە راستی خۆیان لائەدا. تراویلکە ئەخولقێنێ. خەیاڵ ئەخرۆشێنێ، بەجورێ کەسەکان چیدی جەستە نین.

2

ئەم کچە کوردە کە ئێستا ناوی بارانە، لە ئێما بۆڤاری ئەچێ؛ ئەو ژنەی کە لە منالّیا برێکی زۆر چیرۆکی رۆمانسیانەی خوێندبووەو حەزەکانی و دونیابینیەکانی هەرهەموویان لەو چیرۆکانەوە سەریان گرتبوو. ئێما بە ژیانی واقیعی نامۆبوو، لە کۆتاییدا ناچاربوو خۆیبکوژێ. ئەو هێشتا نوستبوو، من لە جێگاکە هاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی برۆم لە نهۆمی خوارەوە لە چێشتخانەکادا، خواردنێ بۆ ئەم بەیانیەی خۆم و میوانە ناوەختەکەم ئامادەکەم. ئۆملێتم دروستکرد. تەماتەو هێلکەو پیازوبیبەری تونم هەبوو. هەمووجارێ ئۆملێت ئونورنەم ئەخاتەوە یاد. کچە بەرشەلۆنەییەکە کە فێری قاوەخواردنەوەی کردم. دۆلابی کتێبەکان لە رێی چێشتخانەکەیە، هێشتا دواین نامە لە توێی ئەو کتێبە گەورەدا بوو ، کە فەرهەنگێکی تایبەتە بە غوربەت. نامەکە ناونیشانێکی هەبوو، لە شێوازی پرسیارێکا. پرسیارێک دەربارەی بوون. بوونی من و ئەو! من و تۆ هەین، یان هەر دوو دەنگی خوداین؟ نامەکەم خوێندەوە. رۆژانێک نوسرابوو کە یادەوەریەکانی بلیس پاسکالم ئەخوێندەوە، ئەو کتێبەی کە هەرگیز بۆ ئەو مەبەستە نەنوسرابوو کە رۆژێک کەسانی تر بیخوێننەوە. نامەکە بە دێرێ کورت دەستپێئەکات، دێرێ لە دێرەکانی ئارنست هەمەنگوای ئەچێ. ئەو بەیانیە نامەکە مانی تری جیاوازی هەبوو، لە گەڵ ئەوەی کە یەکەم جار نوسرابوو، "تۆ زۆر دووریت، من دوور تر". ئەم بەیانیە هەموو ئەو شتانە گۆرابوو. ئەو چی دی دوور نەبوو وەک جەستە بەلاّم هەستم ئەکرد کەسێکی نامۆیە. بەبینینی کۆمەڵی شتم لە دەست دا. چی دی ئازاد نیم چۆن وێنایکەم، چونکە لەم بەیانیە بەدواوە ئەو تەنها یەک وێنای هەیە.

تۆ ژورێکی پەنجەرە شکاوت هەیە، منیش دلّێ وەک دیواری بەندیخانە. تۆ سلّ ئەکەیتەوە خەون ببینی، منیش ئەگەر خەونەکانم لێ داچۆرێ ئەبمە بیابانێ ووشک. تۆ چەندێ کراوەی هێندەش داخراوی، من هەر خۆمم بە دیار قاوەیە تاڵەوە رۆژگارەکانی تەمەنم ئەسوتێنم.

شتی بچکۆلە دلّم ئەهێنێتە خورپە، چەند دێرێ لە یادەوەریەکانی باسکاڵ، بیرکردنەوە لە ناوی تۆ. من بۆت ئەنوسم حەزم لە ژنێکە بچکۆلە، ژیر، قسەکانی بۆنی ئەو کتێبانەی لێبێت کە کەم کەس ئەیانخوێنێتەوە، شەوگاری بەدەم بیرکردنەوەوە بکوژێ لە ووشەیە کە هێشتا نەهاتوە بەزارا. تۆ هەواڵی دەریام لێ ئەپرسی، نوستنی سەر شەقامە ساردەکان، ئەو دێرانەی کە حەرامن. تۆ حەزت لە خەیاڵ نیەو من پیاوێکم لە خەیاڵ، تۆ دورەپەرێزئەکەیت لە شەراب و منیش خەیامانە بۆی ئەرۆم. تۆ لە عەشق رائەچلّەکێی منیش لە فەرهەنگی زمانا بەدوای مانایا ئەگەرێم. من هێندەی رۆژگارەکانی تەمەنی نەنکم چیرۆکم پێیە، تۆش رۆمانی بەسەرهاتی ئەو پیاوانەی کە بە کۆلانە پیسەکانی شارا رەدووت ئەکەون. جارجارێ هەردوکمان بە دزیەوە بیر لە پێکەوە بوون ئەکەینەوە، بەلاّم هێشتا دلّنیانین؛ سەربووردەی تراژیدیایەکی ئاشکرایە یان سەد سالّ لە خۆشی.

نیوەی یەکەمی ناوی من، نیوەی یەکەمی ناوی تۆ، وەکو یەکن. دەبێ رۆژێ پێکەوە ئەو هەردوو نیوەیە بخەینە سەر سەرینێ، لە ئوتێلێ هەرزان لە شاری لشبونە، هەتا بە چرپە چرپ شیعرێکی تەرو ناسکی فیرناندۆ پێسەوات بۆ بخوێنمەوە، لە کۆتاییدا پێت بلّێم دێی لە گەلّما بۆ سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیلا تا شوم پێبکەی، تۆ ئەلّێی نەء!

کە هات بۆ چێشتخانەکە لێی پرسیم چی بکەم. پێم ووت؛ شتی ئەخۆین پاشان ئەرۆین بۆ بازار تا رۆژنامەیە ئۆبزێرڤەر بکرین. بازار دوورە. نا هەر ئەوەندەیە لە پردەکە پەرینەوە. بە دەم قسەکردنەوە لێم نزیک ئەبوەوە. چاومان لە یەکتر بریبوو. کە تەواو نزیک بووەوە تەلّە قژەکانی سەر رووومەتیم لادا

بیرم کەوتەوە رۆژیک لە نامەیەکا بۆم نوسیبوو؛ کە پێت ئەگەم لێوە گۆشتنەکانت وەک قۆخی گەیوو ئەخۆم. لە سەر مێزی نانخواردنەکە پێم ووت، واباشترە لە سەرەتاوە یەکتر بناسینەوە، سەر لە نوێ وەک دوو نامۆ، کە هیچ دەربارەی یەکتر نازانن!! بەلایەوە سەیربوو. بەڵام سەرێکی رەزامەندی بۆ لەقاند.